دوێنێی ئێستا

یادەوەری، زام و نۆستالجیا
وەک میکانیزمێک بۆ خودبەردەوامی نەتەوەی کورد

پێشانگای جینۆساید
کەڤین بەگیخانی، خوێندکاری بەشی هەمەچەشنی مرۆیی
کۆلێجی زنکۆی لێیدن، مارسی ٢٠١٨ – لاهای

**من ناوم خەونە**
خەڵکی وڵاتی ئەفسوونم
باوکم شاخە و
دایکم تەمە.
من لە ساڵێکی مانگ کوژراو و لە مانگێکی هەفتە کوژراو و
لە ڕۆژێکی سەعات کوژراودا
دوای شەوێکی ئاوس بە {با}
دوای شەوێکی پشت کۆماوەی هەوراز بە کۆڵ
بەرەبەیانێکی زامدار
لە شەفەقێکی کەسکەوە
وەک گزنگێکی خوێناوی کەوتمە خوارێ و
داگیرسام و بووم بە مۆمێک
گڕ بە مل و
بووم بە پرسێک
دەم بە هاوار.

ئەگەر توانیت یەکە یەکە
گەڵای ئەو باخە بژمێری.
ئەگەر توانیت هەرچی ماسیی

گچکە و گەورەی
ئەو ڕووبارەی بە بەردەمتا تێئەپەڕێ
ڕیزژمێر کەی!
ئەگەر توانیت لە وەرزی کۆچی باڵندەی
بەرەو ژوور و بەرەو خواردا
بەرەو خوار و بەرەو ژووردا
یەکە یەکە
مەل و باڵندە بژمێری
ئەوا منیش بەڵێن ئەدەم
یەکە یەکە
هەرچی قوربانیی ئەم خاکی
کوردستانە شیرینەیە
بۆت بژمێرم!.

شێرکۆ بێکەس

پێشانگای دوێنێ ئێستا: یادەوەری،زام و نۆستالجیا وەکو میکانیزمێک بۆ خودبەردەوامی نەتەوەی کورد بریتییە لە بەشێکی سەرەکی بەشی هەمەچەشنی مرۆیی لە کۆلێجی زانکۆی لێیدن.

لە مارسی ٢٠١٨، کەڤین بەگیخانی هەستا بە کردنەوەی پێشانگای جینۆسایدی کوردان لە زانکۆکە. ئامانجی پێشانگاکە بریتی بوو لە تێگەیاندنی خوێندکاران و ستافی ئەکادیمی کە چۆن ئەو مێژووە تاڵەی جینۆساید و چەوساندنەوەی کوردان لە ناوچەکەدا بووەتە هەوێنی میکانیزمێک بۆ خودبەردەوامی و بەرگری و بەرەنگاری.

لێرەدا خاڵی هاوبەشی نێوان یادەوەری، زام و نۆستالجیای تاک و کۆمەڵ ڕۆڵێکی بنچینەیی هەیە تا خەڵکی کورد بتوانێت لەنێو ئەدەبیات، هۆنراوە، میوزیک و جۆرەکانی دیکەی دەربڕینی هونەری کولتوریی "نیشتمان" دروست بکات و وەکو مۆدێلێکی خودبەردەوامی و خۆڕاگری پارێزگاری لێبکات.

داواکاری گشتی سایمۆن مینکس، دادوەری باڵای دادگای لاهای، لە پێشانگاکە ئامادەبوو، هاوخەمی خۆی بۆ قوربانیانی هێرشە کیمیاییەکەی هەڵەبجە کە لە ١٦ ی مارسی ساڵی ١٩٨٨ ڕوویدا، دەربڕی. وەکو ڕێزلێنانێکیش بۆ ئەم قوربانییانە و پاراستنی خەڵکی لە هێرشە کیمیاییەکان لە داهاتوودا، سایمۆن مینکس وۆرکشۆپێک بۆ ٢٥ خوێندکاری کۆلێجی زانکۆی

لێیدن له مانگی مایس ساز دەکات به ناونیشانی: دادگاییکردنی تاوانەکانی دژ به یاسای تاوانی نێودەوڵەتی: ئەرکێکی جیهانی.

ساڵی ڕابردوو له ٢٤ و ٢٥ی نیسانی ٢٠١٧ ، سایمۆن مینکس قسەکەرێکی سەرەکی بوو له سێهەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان له زانکۆی ئەمریکی له کوردستان.

له ساڵی ٢٠٠٥، سایمۆن مینکس بڕیاری ١٧ ساڵ زیندانی بەسەر سەرمایەداری هۆڵەندی "فرانس ڤان ئانڕات" سەپاند که چەکە کیمیاییەکانی گەیاندبوویە دەستی ڕژێمی بەعس، ئەو چەکانەی دواتر بۆ هێرشه کیمیاییەکەی سەر هەڵەبجه و شارەکانی دیکەی کوردستان بەکارهاتن.

## بەبێ هیوا چاوەڕێکه

به ڕۆحی خۆمم گوت، ئارامبه، بەبێ هیوا چاوەڕێکه،
چونکه هیوا دەبێته ئومێدی شتێکی هەڵه؛ بەبێ خۆشەویستی چاوەڕێکه،
چونکه خۆشەویستی دەبێته خۆشویستنی شتێکی هەڵه، هێشتا باوەڕ ماوه
بەڵام هەموو ئەم باوەڕ و خۆشەویستی و هیوایه له چاوەڕوانییدان.
بەبێ بیرکردنەوە چاوڕێکه، چونکه هیشتا ئامادی بیرکردنەوە نیت:
بۆیه تاریکیی دەبێته ڕووناکی، خامۆشیش دەبێته سەما
دەبێته چپەی جۆگەلەی بەخوڕ، دەبێته هەورەبروسکەی زستان.
جاتره و شیلیکی کێوی نەبینراو،
پێکەنینی نێو باخەکه، زایەڵەی مەستیی
وون نەبوون
بەڵام داوادەکەن، پەنجه بۆ ئازارێک درێژ دەکەن
ئازاری مردن و لەدایکبوون...

تی ئێس ئیلیەت